# مەزراندنی مێژوو لە ڕۆمانی (شیری مووسا)ی سابیر ڕەشیددا

**هاوكار جميل محمد**
**مامۆستای یاریدەدەر- زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر**
**hawker.mohammed@epu.edu.iq**

**سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی**
**پرۆفیسۆری یاریدەدەر -زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر**
**Sangar.haci@epu.edu.iq**

**Received: 1/7/2021**
**Accepted: 2/8/2021**
**Published: 15/6/2022**
**Doi: https://doi.org/10.36473/ujhss.v61i2.1369**

**This work is licensed under a Creative Commons Attribution 4.0 International Licenses**

**پوختە**

پەیوەندییەکی تۆکمە و لەمێژینە لەنێوان مێژوو و ئەدەبیاتدا هەیە و هەنگاوی یەکەمی ئەدەبیات بە تۆمارکردنی مێژووی پاڵەوانان و چینی سەردەستە دەستی پێکردووە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ پێشاندانی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان مێژوو و ئەدەبیات هەیە. توێژینەوەی بەردەست بەناونیشانی (مەزراندنی مێژوو لە ڕۆمانی (شیری موسا)ی سابیر ڕەشیددا)یە کە لەتەوەری یەکەمی بەشی یەکەمدا پەیوەندی نێوان ڕۆمان و مێژوو و لێکچوون و جیاوازییەکانی مێژوونووس و ڕۆماننووس خراونەتەڕوو. تەوەری دووەمی توێژینەوەکە باسکردنی تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی مێژوویی گرتووەتە خۆ و تەوەرەکانی دیکەش باسی ئەو مامەڵەیە کراوە کە هەر یەک لە مێژوونووس و ڕۆماننووس لەگەڵ بابەت و زمان دەیکا.

بەشی دووەمی توێژینەوەکە کە (مەزراندنی مێژوو لە ڕۆمانی شیری مووسا) ناونیشانیەتی، لە پێنج تەوەری جیاوازدا باسی دەسپێکە مێژووییەکەی ڕۆمانەکە و چۆنیەتی تەوزیفکردنی دەکا و دواتر ئەو خاڵانە دیاردەکا کە ڕۆماننووس لە تەوزیفکردنی مێژوو لەناو ڕۆمانەکەدا سەرکەوتوو بووە، پاشان کاریگەریی مێژوو و ڕاستی و خەیاڵیبوونی ڕووداو و کەسێتییەکان دەبنە دوو پرس و لە دوو تەوەری جیادا باسیان کراوە و کۆتایی توێژینەوەکەش ئەنجام و سەرچاوەکانن.

وشە کلیلییەکان: ڕۆمان، مێژوو، مەزراندن، ڕووداو، واقیع

**پێشەکی:**

ڕۆمانی شیری مووسا، دەقێکی چیرۆکئامێزە و مێژووی تێدا مەزرێنراوە. تێیدا وەک خوو و خدەی بەردەوامی ڕۆمان، ئەوبابەتانەی کە باسیان کراوە، چەند بابەتێکی جیاوازن کە پەیوەندییان بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەیە و پەیوەندی لەگەڵ جیهانی شارستانی مرۆڤایەتی و ئەو هەڵبەز و دابەزینە هەیە کە گۆڕانکاری لە هەبوونی چینەکانی کۆمەڵگا دا هەیە، بۆیە ناکرێت ئەو لایەنە کۆمەلایەتی و سیاسی و مێژوویانەی کۆمەڵگای کوردی تێیاندا ژیاوە لەبەر چاوی نەگرین. ئەم ململانێیەش لە فەزا چرۆی نەگرتووە، بێگومان خاکێک هەبووە ئەم ململانێیەی تێدا ڕوویداوە، کۆمەڵگا و دیاردە و بوونە کۆمەڵایەتییەکانیش ئەو خاکەن کە یەکەمین چووزەڵەکانی ئەم ڕۆمانەی لێ دەرکەوتوون.

هەموو ئەو ماوە مێژووییەی ڕۆماننووسی مێژوویی لە ڕۆمانەکەی ئاماژەیان پێ-دەدا لە پێکدادانی هـزری و دەسـەڵاتی چینەکـان، زنجیـرەیەک ڕووداو ڕوویـان داوە لە شـوێن و کـاتی دیـاری کـراودا، ئەو ڕووداوانەش لە ڕۆمـانی (شـیری مووسـا) ڕەنگـی داوەتەوە، سـەرەڕای ئەوەی نووسـەر ڕووداوەکـانی گێـڕاوەتەوە، مێژووشی تێخزاندووە، هاتووە لایەنێکی لە ڕووداوە مێژوویەکەی زەقکردووەتەوە کە خەڵک داوای مافی ڕەوای خۆی دەکا.

**کێشەی لێکۆڵینەوە:**

پرسی هەرە دیار کە ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیەوێ لەسەری بوەستێ و وەڵامێک یان چەند وەڵامێکی بۆ بدۆزێتەوە، بریتییە لەوەی سەودای مێژوو لەگەڵ ڕۆمان چۆنە و مێژوونووس چۆن دەستەبژێری دەکا لە نێوان ڕووداوێک و ئەوەی دیـکەدا و چـۆن لێزانـانە هەنـدێک لە ڕووداوەکـان زەقـدەکاتەوە و هەندێکیشـیان دەخـاتە پەراوێـزەوە و پاشان (سابیر ڕەشید) لە ڕۆمانی شیری مووسا چۆن ئەمەی کردووە.

**گرنگی لێکۆڵینەوە:**

1- بۆچوونێک هەیە کە هەڵەیەکی باویشە، دەڵێت: ڕۆمانی مێژوویی نزیکە لەباس-کردنی مێژوو، وەک جۆرەکانی دیکەی ڕۆمانیش نییە ڕۆماننووس دەستکراوە بکا و ڕێی بدا بە ئارەزووی خۆی خەیاڵ بکا، کاری ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەیەیە.
2- کەم نین ئەو ڕۆمانە کوردییانەی کە هاوشان لەگەڵ باس کردنی ڕووداوەکان ڕووداوی مێژوویی ڕاستەقینەش بە شێوازی خۆیان دەئاخننە دوو توێی ڕۆمانەکان و ئێمە دەمانەوێ لە چۆنیەتی ئەم مەزراندنە بکۆڵینەوە.
3- کاریگەری دەرەکی لەسەر نووسەری ڕۆمان لە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوی مێژوویی و کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و باس کردنی گۆشەنیگای نووسەر لەسەر ڕووداوەکە.

- میتۆدی لێکۆڵینەوە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی پراکتیکییە و لە شرۆڤەی تیۆرەکانەوە هەوڵی ناساندن و بڕیاردان لەبارەی پاژەکانی ڕۆمانەکە دراوە.

- **هۆکاری هەڵبژاردنی ڕۆمانەکە:**

کورد لە مێژە گووتوویەتی (کالا بە قەد بالا)، ئەم توێژینەوەیە بەدوای پەیوەندی و کاریگەرییەکانی ئەدەبیات و مێژوو یان دروستتر بڵێین ڕۆمان و مێژوودا دەگەڕێ و پێی وابووە یەکێک لە گونجاوترین ڕۆمانەکان، بێگومان ڕۆمانی دیکەش هەن، ڕۆمانی (شیری موسا) یە کە ڕەنگدەرەوەی ئەو تێکچڕژان و پەیوەندییەیە کە لەنێوان ڕۆمان و مێژوودا هەیە.

بەشی یەکەم: ڕۆمانی مێژوویی لەنێوان مێژوو و ئەدەبیاتدا

- تەوەری یەکەم: سنووری ڕۆمانی مێژوویی:

ڕۆمانی مێژوویی( Historical Novel) جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕۆمان، گێڕانەوەی بەسەرهاتی ماوەیەکی مێژوویی تێدا دەمەزرێنرێ، هەرچەندە مێژوو دەیەوێ ڕاستییەک پیشان بدا کە هاوشێوەی ئەوە بێ کە لە واقیع ڕوویداوە، بەڵام ڕۆمانی مێژوویی پەیوەستە بە خەیاڵ و داهێنان لە گێڕانەوەدا.

ڕۆماننووس لە نووسینەوەی ڕۆمانی مێژوویی ئازادییەکی تەواوی هەیە و پابەند نیە بە سەرچاوەی ڕابردوو، یان گواستنەوەی ڕووداو وەک خۆی، بەڵکو ڕۆماننووسی ڕۆمانی مێژوویی دووبارە مادده مێژووییەکە دادەڕێژێتەوە، پشت نابەستێت بە نووسین و دارشتنەوەی بەڵگەنامە و گواستنەوەی ڕووداو، بەڵکو ڕۆماننووس بە شێوەیەکی هونەری و سرووشتی نووسینەوەی ڕۆمان و دیمەنە مێژووییەکان دادەڕێژێتەوە و بە خەیاڵی خۆی کەس و کەسێتی و شوێن و هەر چییەک کە خۆی بیەوێ دروستی دەکا، هەر بەوەش ناوەستێ، بەڵکو دەستکاری خودی مێژووەکەش دەکا و کوێی پێ خۆشبێ، ئەوێ وەردەگرێ و کوێش خزمەت بە پەیامە سەرەکییەکەی ڕۆمانەکەی ئەو نەکا، لایدەدا و بەلایەوە ناچێ.

ڕۆماننووسی مێژوویی و مێژوونووس لە خاڵێکی هاوبەش بەیەک دەگەن، ئەویش گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، هەرچەندە هەریەکەیان ئامانجێکی جیاوازی هەیە لە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو.

مێژوونووس مەبەستیەتی ڕووداوەکان چۆنن ئاوا دایانبڕێژێتەوە و تا ئەوەش بە پوختی بکا، کارەکەی جوانتر دەبێ و پتر پشتی پێ دەبەسترێ، بەڵام نووسەری ڕۆمانی مێژوویی دەیەوێ مێژوومان بە خراپ و بە باشییەوە، بە سەرکەوتن و شکستەکانی ناو ڕووداوە مێژووییەکان، بە پاڵەوان و گەداوە بە جوانی پیشان بدا و دواجار ئەمەش کارە سەرەکییەکەی ئەدەبیاتە.-(ئەگەر بێ و مێژوونووس تەرمێکمان بێنێتە بەردەم، هەوڵ دەدات تێبگات و شیکاری بکات، کەچی ڕۆماننووس ئەو لاشەیە بە شێوەیەکی هونەری جوان دەجوڵێنێ، بەشێوەیەک لەناو خەڵک هەر باس بکرێت و لەگەڵ ڕووداوەکی تێکەڵ بن)(بعیو,2011, 42)( Bayou,

2011,p. 42) ڕۆمانی مێژوویی کارێکە بە گێڕانەوەی هونەری دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ مێژوو لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە لەلایەنی شارستانیی و ئەخلاقی خەڵکەکەی. هەردووکیان خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکەن لە ڕێگەی بە دیکۆمێنتکردن و خزمەتکردنی نێوەندێکی ئەدەبی و مێژوویی.

لێرەدا دوو پرسیار دروست دەبن کە:

1- ئایا ڕۆمان لە ناو هەموو ژانرەکانی دیکەی ئەدەب گونجاوترە بۆ ئەوەی مێژووی تێ بئاخنرێ و دووبارە بە تێگەیشتنێکی جیاوازتر، یان بە زیادە خستنەسەر بۆ خوێنەر بنووسرێتەوە؟.

2- ئایا مەزراندنی مێژوو ئامرازە بۆ تێگەیشتن لەو واقیعەی لە ڕابردوودا هەبووە؟

دەکرێت بگەینە وەڵامێک کە تا ئێستا ڕاسترینیان بێت، ئەویش ڕۆمان ژانرێکە لە هەندێک لایەنەوە جیاوازترە لە ژانرەکانی دیکە بە تایبەتمەندی کرانەوە بەرامبەر بە ژانرە ئەدەبی و نا ئەدەبییەکان، هەر ئەمەشە وایکردووە زۆر ژانر و بابەتی دیکە کە ئەدەبی نین بخزێنێتە ناو ڕۆمانی مێژوویی و وای لێبکات دەقێکی فرە ڕەهەند و فرە لایەن بێنێتە ئارا. ڕۆماننووسی مێژوویی مادده مێژووییەکە وەردەگرێ و بونیادی ڕۆمانەکەی پێ دروست دەکات.

بۆ وەڵامی پرسیاری دووەم، هەمیشە لەنێوان ئێستا و ڕابردووی مرۆڤ و ئێستا و داهاتووی مرۆڤ دا ڕایەڵێک هەیە، پچڕاندنی لەدەست مرۆڤ خۆیدا نییە و ئەو سێ کاتەش هەرگیز دژی یەک نەبوون، بەڵکو تەواوکەری یەکن و بەیەکەوە مێژوو و بوونی مرۆڤەکە تەواو دەکەن (ڕەهەندی مێژوویی لە داهاتوودا ڕەتکراو نیە، نە لە ڕابردووش پیرۆزە، بەڵکو گفتوگۆی نێوان دوو زەمەنە بە ئاگایی ڕۆشنبیری و زانیاری دەتوانین جیاوازیان لە نێوانیان دا بکەین) (تریبش, 2016, 9)(Trebish, 2016,p. 9).

- تەوەری دووەم: ڕۆماننووسی ڕۆمانی مێژوویی و بایۆگرافینووس:

خاڵی هەرە گرنگ و جیاکەرەوە لەنێوان ڕۆماننووس و بایۆگرافینووس ئەوەیە، بایۆگرافینووس دەبێ هەرچی ڕاستییە بیڵێ و جوانی بەرهەمەکەی بەستراوەتەوە بە ڕێژەی ڕاستی گووتن، هەرچی ڕۆماننووسە پێویستی بەوە نییە هیچ ڕاستییەک بڵێ و دەشتوانێ ڕاستی بڵێ، گرنگ ئەوەیە ئەوەی دەیڵێ جوان و بەیەکەوە گونجاو بێ.

زۆر لە ئەدیب و بیرمەندی وەکو( William Wordsworthو Emmanuel Kant) کاری ئەدەبی کە کارێکی داهێنەرانەیە دەبەستنەوە بە خەیاڵ، تەنانەت ئیمانوئێل کانت هێزی مرۆڤیشی پێ دەبەستێتەوە)(بعلول، 2015، 17)(Baaloul, 2015,p. 17). هەر بۆیەش لە زمانی ئینگلیزی و بەتایبەت تر لە ئینگلیزی ئەمریکی بە ڕۆمان دەڵێن (Fiction )، لەبەرامبەریشدا بەسەرهاتی کەسی دەبەستنەوە بە واقیع ئەو ڕووداوانەی گرنگ نین فەرامۆشیان دەکات و ئەو ڕووداوانەی پەیوەندی بە ژیان و کلتور و هەندێکجاریش ئەوانەی پەیوەندییان بە ژیانی نووسەر و ئەو کۆمەڵگایەی نووسەری تێیدا دەژیێ زەق دەکاتەوە، تا جیاوازتر دەرکەوێت لە مێژوونووس. ڕۆماننووسی ڕۆمانی مێژوویی ژیاننامە دەنووسێتەوە کە هاوتەریبە لەگەڵ ماوەی سەربردەی خۆی لە زەمەنی ڕووداوەکان کە چۆن ژیاوە و چۆن دیوێکی تری ڕووداوەکانی

تۆمارکردووە کە مێژوونووس فەرامۆشی کردووە. ڕۆماننوسی مێژوویی باسی کەسایەتی خەیاڵی و ئەفسوناوی دەکات، بەڵام نووسەری نووسینەوەی ژیاننامە جگە لە باسکردنی خۆی باسی کەسایەتی تر ناکات.

لە ڕۆمانی مێژووییدا نووسەر گەمەیەکی خەیاڵی دەکات، لە باسکردنی ماوەی ڕووداوەکان و زۆری ڕووداوەکان و ئەو کەلوپەلانەی کە وەسفیان دەکات، بەمەش ڕاستی ڕووداوەکان دەسەلمێنێ. هەرچی مێژووە ئەو ڕووداوانە تۆماردەکات کە لە کۆمەڵگاکان ڕوویانداوە، ئەوەی پەیوەندی بەلایەنی ئابووری و هـزری کۆمەڵگاوە هەیە، بۆمان ڕوون دەکاتەوە ، ئەمەش دەبێتە زانستێک بۆ باسکردن و تۆمارکردنی کۆی ژیاننامەی مرۆڤایەتی، هەرچی (ڕۆمانی مێژوویيە کۆمەڵگایەک هەڵنابژێرێت ڕووداوەکانی بەبێ دەنگی تێپەڕ بووبێت، هەڵچوونەکان و ڕەنگەکانی دەخاتە ژێر ڕکێفی نووسین، نووسەر ڕوبەڕووی کۆمەڵگایەک دەبێتەوە دووربێت لە ئارامی و ملکەچی)(فتحي، 1986، 177) (Fathi,1986,p.177) لێرەدا مێژوو و ڕۆمانی مێژوویی تێکەڵ دەبن و کۆک دەبن لەسەر ئەوەی، ئەو ڕووداوانەی کە دەکرێ لە تۆماری جێگایان بکرێتەوە، یان بئاخنرێنە توێی ڕۆمانێکی مێژووییەوە، دەبێ هی ئەو نەتەوانە بن کە هەن و زیندوون و ڕۆڵیان لە دروستکردنی مێژوودا هەیە. ڕووداوەکان دەبێ هی ئەو نەتەوانە بن کە بڵێن (نەخێر) و نەتەوەی یاخی بن . کاتێک دەڵێین کۆمەڵگایەک خودان مێژووە و کۆمەڵگایەکی تریش بێ مێژوون، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە لە واقیعدا ژیانیان وەستاوە، چونکە ڕووداوەکان بە بەردەوامی ڕوودەدەن، کارەکە پەیوەستە بە بوون و نەبوونی زیهنیەتی مێژوویی، نەک بەسترابێتەوە بە مێژوونووسی بەناوبانگ (مێژوونووسی پیشەگەر خۆی دوور دەخاتەوە لە گێڕانەوەی ڕاپۆرت، بەڵکو ڕوودەکاتە ڕەخنە و شیکردنەوە بە پێی گەورەیی و قەبارەی بەرهەمی سەربردە مێژووییەکە، لەبەر پێویستی خەڵک و کۆمەڵگا)-( العروی، 2005، 25)_(Al-Arewi, 2005,p. 25) مێژوو ئەگەر تۆماری ڕووداوەکان بێت، گومان هەڵناگرێت کاتێکیش هەیە بۆ ئەوەی ئەم تۆمارانە لەلایەکی تر ڕووبەڕووی ڕەخنە و شرۆڤەی مێژوویی ببنەوە، مێژووتەنیا بریتی نیە لە نووسینەوە و گێڕانەوەی واقیع، بەڵکو ڕەخنەی واقیعیانەش لە ژینگە و زەمەن و فەزای ڕووداو و کەسەکان دەگرێ و ئەمەش ڕوانینی نوێی فەلسەفەی مێژووە بۆ مێژوو.

- **تەوەری سێیەم: پەیوەندی نێوان ڕۆمان و مێژوو:**

چ ڕۆمان و چ مێژوو زەمینەی کارکردنیان بریتییە لە واقیع و بەسەرهاتەکانی ژیانی مرۆڤەکان کە یەکەمیان لە ڕێی ئاوێتەکردنی لەگەڵ خەیاڵ و دەربڕینی لە ڕێی چەند تەکنیکێکەوە بەرهەمێکی جوانمان دەخاتە بەردەست و دووەمیشیان هەموو خواستی ئەوەیە ڕووداوەکانمان بۆ بگێڕێتەوە و هۆکارەکانی ڕوودانیان بخاتە ڕوو، بۆیە (پەیوەندییەکی بەهێز و پتەو لە نێوان ڕۆمان و مێژوو هەیە، لەو کاتەی کە ڕۆمان وەک هونەرێکی ئەدەبی، نووسەران پشت بە مێژوو دەبەستێت بۆبەرهەم هێنانی ڕۆمانی مێژوویی، گرنگی ئەم ڕۆمانانە بە چەندین شێوە دەردەکەون، کەبەستراونەتەوە بە ڕابردووی مێژوویی و شارستانیەت و کلتوری، ئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ناسنامەی نەتەوە هەیە) (طبيل، 2016، 20) (Tabil, 2016, p.

(20،کەواتە ڕۆمان و مێژوو کار لە هەمان باغ دەکەن کە شارستانیەت و گاریگەریەکان دەردەخەن، بەڵام بە ئامێری جیاوازی هەڵکۆڵین. Buchan دەڵێت (هەموو ڕۆمانێک پێکۆڵ دەکات بۆ دووبارە دارشتنەوەی ژیان لە ماوەیەک بە ماوەکانی مێژوو) (طبیل، 2016، 20) (Tabil, 2016, p. 20)

بۆچوونێکی تری گرنگ لەبارەی ڕۆمانی مێژوویی هەیە، کە بونیادی زەمەنی خەیاڵ بۆ کراوی تایبەتە لە ناو بونیادی نوێی واقیع، یان بە گوزارشتێکی تر مێژوویەکی خەیاڵ بۆ کێشراوی تایبەتە لە ناو مێژووی بابەتەکەدا کە ئەمەیان لە ناو ڕۆماننووسی مێژوویی دەبینرێت (ڕۆمانی مێژوویی یەکێک لە کارەکانی گێڕانەوەیە بەمەبەستی دارشتنەوەی بونیادی راستی ڕووداوەکانی رابردوو بە ڕێگای خەیاڵی، وا دەکات کەسایەتی مێژوویی بچێتە ناو واقیع لەگەڵ کەسایەتی خەیاڵی) (شویب، 2016، 6)(Choueib, 2016, p. 6) کەواتە ڕۆماننوسی مێژوویی دەیەوێ ڕاستی و خەیاڵ تێکەڵ یەکتر بکات (ڕووداو دەمرێت کاتێک دەچێتە ناو مێژوو، ڕۆمان دێت دووبارە ئەم ڕووداوە زیندو دەکاتەوە ڕۆح بەبەر ڕووداوەکەدا دەکاتەوە، ڕۆماننووس کەسایەتی مێژوویی راستەقینە دەهێنێ جلی خەیاڵیان پێ دەپۆشێ، لەگەڵ زۆربەی ئەو ڕووداوانەی کە راستی مێژووییان هەیە باس دەکا) (تریبش، 2016، 12)(Trebish, 2016, p. 12) بەم کارانە ڕۆماننووسی مێژوویی دەرفەتی ئەوەی پێدراوە داهێنانی خۆی بخاتە ناو ڕووداوە مێژووییەکان و دروستکردنی هەندێک پاڵەوان و کەسایەتی ڕەنگە خوێنەر یەکەم جاری بێت بیبیستێ و ئاوێتەی ڕووداوە ڕاستییەکانیان بکات و بیانجولێنێ.بەمەش دوو ئامانج دەپێکێ:

1- داهێنان بکات.

2- مەبەستی شاراوەی نووسەر لەپاڵ گێرانەوەی ڕووداوە ڕاستیەکان ڕووداو و کەسایەتیی خەیاڵی بخاتە ناو ڕۆمانەکەیەوە، زۆر جاریش بۆ حەزی خوێنەر وادەکات، تا خۆشەویستییان بۆ ڕۆمانەکە هەبێت و لە ڕووداوە ڕاستییەکان بێزار نەبن.

ئەگەر ڕۆماننووس لە هونەری ڕۆمان دەربچێت، خۆی خەریک بکات بە مێژوو، تایبەتمەندیەکانی لە دەست دەدات بۆ بەرژەوەندی مێژوو، بەو مانایەی هەیمەنەی مێژوو زاڵ دەبێت بەسەر تایبەتمەندییەکانی ڕۆمان، لە چۆنیەتی گێرانەوە و کەسایەتی و ژینگەی باسکردنەکەی.

ڕۆماننووسی نوێخواز، مێژوو بە ڕاڤە و شیکار بە پێی ئامانجی هونەری خۆیان دەنووسنەوە، بەشێک یاخود لایەنێک وەردەگرن و قسەی لەسەر دەکەن. دەبێت ئەم بەش و لایەنەش لە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا کاریگەر بووبێت و، جێگای باس و سەرنجی گشتی بێت و گرنگیان لە مێژوو دا هەبێت، چونکە نووسەری ڕۆمان مێژوو نانووسێتەوە بەڵکو ئەدەب دەنووسێتەوە کە پێویستە خەیاڵێکی دەهێنەرانەی هەبێت. نووسەر بەشە مێژووییەکە وەردەگرێت، ئەوەی مەبەستیەتی کە پەیوەندی بە ژیان و بەسەر هاتی خۆی و کۆمەڵگاکەی بێت دەنووسێتەوە و دووبارە دەیخاتەوە بەرچاوی خوێنەر.

ئامانجەکانی نووسینەوەی ڕۆمانی مێژوویی زۆرینەی ژانرە ئەدەبیەکان و لە ناویشیاندا ڕۆمان ئەرک یان مەبەست یان ئەرک و مەبەستێکی تایبەتی هەیە لە لە نووسینیان و کەمن ئەو ڕۆمان یان ئەو دەقە ئەدەبییانەی مەبەستێک و پەیامێک، یان چەندین پەیامیان لە خۆ نەگرتبێ. ڕۆمانی مێژوویش هاوشێوەی ژانرە ئەدەبییەکان و جۆرەکانی دیکەی ڕۆمان چەند ئامانجێکی هەیە کە لەمانە پوختی دەکەینەوە:

1- (تێگەیاندنی خوێنەری ڕۆمان  بە شێوازی تایبەتی خۆی بۆ سەرنج ڕاکێشان و خوێندنەوە.

2- ئەزموون وەرگرتن لە ڕابردوو و زەقکردنەوەی داهاتوو.

3- ڕاکردن بەرەو مێژوو، لە کاتی هەبوونی بێ ئومێدی.

4- زیندووکردنەوەی ڕابردوو) (طبيل، 2016، 8-9)(Tabil, 2016, p. 8-9)

5- ڕەخنەگرتن لە مێژوو، چونکە گێڕانەوەی مێژوو وەک خۆی ناگێڕدرێتەوە لەلایەن مێژوونووسان، نووسەری ڕۆمان وا لە خوێنەر دەکات گومان دروست بکات لەو ڕابردووەی مێژوو تۆماری کردووە.

6- دارشتنەوە و گێڕانەوەی مێژوویی بە شێوەیەکی ئەدەبی داهێنەرانە و لەوەی مێژوو تۆماری کردووە بەمەبەست و بەو پەڕی ئاگاییەوە بەشێکی لێ وەردەگرێ و زەق دەکرێتەوە لە دووتوێی ڕۆمانێکدا.

**تەوەری چوارەم: سەودای مێژوونووس و ڕۆماننووس لەگەڵ هەریەک لە:**

أ- بابەت: مێژوونووس لە خودی وشەکەوە دیارە دەرخەری ئەوەیە کە کاری نووسینەوەی بابەتیانەی ڕابردووە، بە وازهێنانی لە لایەنگیری و ئارەزووەکانی، بەڵام ڕۆماننووس لایەنگیر و بە سۆزە لە باسکردنەکانیدا و زۆر جاریش لە ڕوانگەی خۆیەوە دەڕوانێتە ڕووداوەکان و جارجارەش خۆی بەشداری لە ڕووداوەکان دەکات، یان وەک گێڕەرەوەی ڕووداوەکان خۆیمان پێ دەناسێنێ.

ب- شێوەو ناوەڕۆک: مێژوونووس گرنگی بە ناوەڕۆک و پێکهاتەکان دەدات، بەڵام ڕۆماننووس سەرەڕای گرنگی دان بە ناوەڕۆک، گرنگی بە شێوە دەدات کە ڕێگا دەدات بە پێکهاتە، بەهای خۆی هەبێت و کاریگەریی هونەریی هەبێت.

ت- زمان: زمانی مێژوونووس ورد و واقیعییە و دوورە لە هەڵبژاردنی وشەی بە مەبەست و وشەئارایی، مەبەستیەتی وەسفی دروستی ڕووداوەکان بکا و بەسەرهاتەکان بەتەواوی بگێڕێتەوە، زمانی ڕۆماننووس هێمایی و وێنا کردنە و زۆرجاریش زمانی لەزمانی شیعر نزیک دەکاتەوە و بەشێک لەو وشەئارایی و جوانکاری و ڕوونبێژی و ڕەوانبێژییەی لەوێ بەکاردێ ئەو لەناو ڕۆمانەکانیدا بەکاریان دێنێ، ئامانجیشی کاریگەریی ئەدەبییە.

زانیاری لەسەر مێژوو پێویستییەکی گرنگە لە ژیانی نووسەری ڕۆمانی مێژوویی، لەبەرئەوەی ڕۆمانی مێژوویی سەرکەوتوو نابێت، بەبێ ئەوەی وێنەی ڕەهەندی مێژوویی دروست بکات و ئەوێ بکاتە خاڵی دەستپێک و لە وێوە بەرەو ئێستا و داهاتوومان بێنێتەوە، چونکە وەک گوتمان ڕۆماننووس نایەوێ مێژوومان

وەک مێـژوو پــێ بناسـێنێ، ئەو دەیەوێ پێمـان بڵــێ توێیـک کە هەبوویـت و ڕۆژگارێـک مێـژووت هەبـووە، بەمشێوەیە لە ڕەوتی مێژوویی مرۆڤایەتی بەشدار بوویت و ئێستا و داهاتووش دەبێ ئاوابی و پەند لە هەرچی ڕابردووتە وەرگری، ئەمەش کاری هەرە لە پێشینەی مێژووە ( نووسەر شارەزای باری مێژوو نابێت، تا لە ڕۆحی سـەردەمەکە نەگات، لە ڕێگای تێکەڵ بوونی خود لەگەڵ زنجیرەیەک گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسـی کە سروشتی تاک و کۆمەڵگایە)( بن دحمان، 2013 ، 13)(Bin Dahmane, 2013, p. 13) . کەرەستەی ڕۆمـانی مێژوویـی مێـژووە، بـۆیە دەبـێ ڕۆمـاننووس شـارەزایەکی زۆر باشـی لەو مێـژووە هەبـێ کە دەیەوێ لە ڕۆمانەکەیدا بیمەزرێنێ، تا بە هەڵەدا نەچێ، چونکە ناکرێ مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ مادده و کەرستەیەکی خاو بکـات و بـیەوێ شـتێکی نـوێی لـێ دروسـت بکـا، بەبـێ ئەوەی بەتەواوی ئاشـنای هەمـوو کـونج و کەلەبەر و خەسڵەتەکانی مادده خاوەکەی بێ.

ڕۆمانی مێژوویی دەیەوێ گواستنەوەیەک بکات لە مێژوویەکی بە سوود و بەرهەم هێنراوی چالاک بۆ مێژوویەکـی خەیـاڵ بـۆ کـراو، لێـرەدا ڕۆمـاننووس دەتـوانێ جێـی پەنـجەی دیـار بێـت، بەهـۆی ئەو خەیـاڵەی لەبەردەستیەتی کە ئەمەش دەبێ لە ڕۆماننووس ڕووبدات. ئەوەی ڕۆماننووس دەیکات ڕووداوی مێژوویی نییە بە تەنها لە دەقەکانـدا، بەڵکو تێگەیشتنی ئامانجەکـانیەتی. وەک داوێـکە ڕاماندەکێشـێ بەرەو حەزکـردن بە لا لێکردنەوەیەکی تر لە مێژووی مرۆڤایەتی و هەڵوێستی شارستانی ئەو سەردەمە.

ڕۆماننووسی مێژوویی (ڕووداوێک دەگێڕێتەوە لە بارەی بنەماڵەیەکی ناسراو لەکاتی جەنگی جیهانی، بۆ نموونە: ئایا ئەو کاتەی بنەمەڵەکە تێیدا ژیاون لە باسکردنی ئەو بنەماڵەیە، بونیادی کاتی مێژوویی و واقعی بـاس دەکـات، یـان ژیـانی بنەمـاڵەکە بە چـاوی ژیـانی خـۆی دەنووسـێتەوە؟) ( مورتـاز، 1998، 186) (Mortadh, 1988, p. 84-85) ڕۆماننووس مامەڵەیەکی ئەدەبی لەگەڵ مێژوو دەکات، مێژووی خەیاڵ بۆ کراو) و ڕابردوو بە ئێستا بە کاتی نووسین دەبەستێتەوە.

پۆل ڕیکۆر دەڵێ (من دەستەواژەی چیرۆکی خەیاڵی بەوە لەچوارچێوە دەگرم کە داهێنانێکی ئەدەبییە، ئارەزووی گێڕانەوەی مێژووی نییە بۆ دروست بوونی گێڕانەوەی حەقیقی) (بلخن، 2013، 45) (Balkhen, 2013, p. 45)

ڕۆمـاننووس لە نەژادێکـی سـەربەخۆیە، بـا کەرسـتەکانی نووسینیشـی مێژوویـی بـن، ئەو هیـچ کـات وەک مێژوونـووس نـاکەوێتە ڕێ بـۆئەوەی سـێکتەری حەقیقـی بگەیێنێـتە کۆتـا مەرام، بەڵکـو هەوڵێکـی هـونەری و دینـامیکییە لە نـاو خەیـاڵ، ئەمەش پێـی دەگـوترێ گێڕانەوەی خەیاڵئـامێز .هەرچی گێڕانەوەی مێژووییە، مێژوو زانستێکی تۆمـار کراوە لە ئاکامی هەمـوو ڕووداو و سـەربردەیەک دێتە پێشـەوە، کەواتە مێژوونـووس زمـانێکی واقیعـی و ڕاشکاوانەی هەیە لەگەڵ ڕووداوەکان. پۆل ڕیکۆر گێڕانەوە دەکاتە دوو بەش ( گێڕانەوەی چیرۆکی خەیـاڵی و گێـڕانەوەی مێژوویـی، ئەو گێـڕانەوە چیرۆکئامێزەکـان و مێـژوو دەگەڕێنێـتەوە بـۆ گرنگتـرین هۆکـاری فەلسـەفی بۆ تێگەیشتن لە بوون) (بلخن، 2013، 45) (Balkhen, 2013, p. 45) بۆ تێگەیشتنی تەواو لەوەی لە ڕابردوو ڕوویداوە، پێویستمان بە ڕۆمانی مێژوویی هەیە کە دیوێکی دیکەی مێژوومان پیشان دەدا.

- تەوەری پێنجەم: پابەندبوونی ڕۆماننووس لە مامەڵەکردنی لەگەڵ مێژوو لە ناو دەقدا:

ڕۆماننوسی مێژوویی چەند خەسڵەتێکی هەن کە هەوڵدەدات تا دەکرێ پێیانەوە پابەند بێ، لەوانە:

1- دەبێ ڕۆماننووس پابەندی ڕۆحی سەردەم بێت، مەبەستمانە ژینگەی تەندروستی کۆمەڵگا و هزری سەردەمی ڕووداوەکە بێت، کە لە توانای نووسەر بێت، وەک مرۆڤێکی زیندوو مامەڵە لەگەڵ مێژوو و کۆمەڵگا بکا، کە جۆرج لۆکاش بە شیعرییەتی وێناکردنی مێژوویی ناوی بردووە، (کەسایەتی دەبێ وێنەیەکی ڕاستگۆیی وردبێت لەگەڵ واقیع و کۆمەڵگا، هاوشێوەی کەسی ئاسایی و ڕاستی، کە پێک هاتووە لە گۆشت و ئێسک و خوێن، ڕووداوەکان وەکو چۆن ڕوویداوە باس بکات و شوێنەکەش هەمان شانۆی ڕووداوەکە بێت بۆ ڕووداوە مێژووییەکە)( مورتاز، 1998، 84-85)(Mortadh, 1988, p. 84-85)

2- وەک خۆی مامەڵە لەگەڵ کەسایەتی مێژوویی بکات و ڕاستگۆیانە باسی بکات وەک ئەوەی کە هەبووە، ناکرێت کردار و گوفتار بخرێتە پاڵیان کە نەیان کردووە یان ڕاینانەپەڕاندووە، چونکە ( کەسایەتی مێژوویی پێویستی بە گێڕەرەوەیەک هەیە کە گرنگی بە کەسایەتی مێژوویی بدات و زۆرترین زانیاری لەسەر کۆبکاتەوە)(الصافي، 2011، 23)(Al safi, 2011,p. 23)

3- هەر بۆیە هەبوونی باگراوەندێکی کەڵەکەبوو لەسەر ڕووداو و کەسایەتیەکان، نووسەر دووردەخاتەوە لەو هەڵە مێژووییانەی کە وەک تەڵە لەبەردەمی داهەن.

4- نووسەر پێویستە مامەڵە لەگەڵ ڕابردوو و داهاتوو بکات، وەک ئەوەی هەنگاوێکی لە ڕابردووەوەیە لەبەر ئەوەی ڕووداوەکان لە ڕابردوو ڕوویان داوە، پێویستە هەنگاوێکیشی لە داهاتوو بێت، چونکە مەغزا و مەبەستی نووسەر بۆ خوێنەرەکانیەتی و ئاڕاستەیان دەکات بە کردنەوەی ئاسۆیەکی نوێی بیرکردنەوە و مامەڵە کردنێکی دیکە لە گەڵ ڕووداوەکان.

5- ڕۆماننووس خۆی خەریک دەکات بە گۆشەنیگای گشتگیر و، لایەنی خەیاڵی بەسەر لایەنی واقعی زاڵ یان لایەنی کەم بە هاوسەنگی مامەڵە لەگەڵ هەردوو ڕەگەزەکە دەکا و جاری واش هەیە وا ئاوێزانی یەکتریان دەکا و بەشێوەیەکی هونەری ئەوتۆ ڕۆمانەکە دەچنێ بەسەختی ئەم دوو ڕەگەزە و ڕەگەزەکانی دیکەش لەیەک جودا دەکرێنەوە، ئەمەش بۆ مەسەلەی گوتاری زمانی و بۆ پیشاندانی واقعێکی دیاری کراو دەکا.

-6ڕۆماننووس زۆترین سەرنجی لەسەر ڕووداوەکان و کەسایەتیەکان دەبێت و باری سەپێندراوی کۆمەڵایەتیش لە بوونی کێشەی چینایەتی و ئاینی و کلتوری قسەی خۆی دەبێت.(ناکرێت توێژەرێک خۆی وا پیشان بدا کە لە کۆمەڵگا گەیشتووە لە ماوەیەکی دیاری کراوی مێژوویی بێ ئەوەی شارەزایی هونەر و عادەت و تەقالیدی خەڵکەکە بێت لەوانەش ڕۆمان بە سروشتی خۆی) (عمر، 2019، 47)(Omer, 2019, p. 47) هەرچەند

ڕۆماننووسی مێژوویی شارەزای مێژووی کۆمەڵگاکە و ئاین و خورەوشتەکانی خەڵکەکە بێت، ئەوا زیاتر بەشێوەیەکی سروشتی تر سەردەمە مێژووییەکە پیشانی خوێنەر دەدات.

بەشی دووەم: مەزراندنی مێژوو لە ڕۆمانی شیری موسادا

تەوەری یەکەم: دەسپێکی ڕۆمانە مێژووییەکە

کاتێک دێینە سەر باسکردنی ڕۆمانی مێژوویی، واتا دوان لەبارەی پراکتیزەکردنی لایەنی هونەری و سیماکانی ڕۆمانی مێژوویی. تەواوی نووسەرانی دەقە چیرۆکئامێزەکان تایبەتمەندی خۆیان هەیە لە گێڕانەوە و گواستنەوەی ڕووداوەکان لەدەمێکەوە بۆ دەمێکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر. ڕۆماننووسی بە سەلیقە و وردیش جیاوازتر لە هەموو کەسێک دێتە سەر گێڕانەوە و باسکردنی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەی (با چیتر سەرت نەهێشێنم، پێش ئەوەی سەربردەی نازناوەکەی خۆمت بۆ بگێڕمەوە با تۆزێک سەری خۆمان بە شامپانیای جەنابت گەرم بکەین...هەموو بێدەنگ مانەوە، گارسۆنەکە هات و مەزەی هێنا... لە خۆشی یەکتر و بە بۆنەی ناسینی کوڕێکی جوولەکە و خەڵکی شارەکەیان پێکی یەکترناسین لە یەکتردرا و خۆشی و پێکەنین کەوتە سەر زاریان...)(ڕەشید، 2017، 9 ) (Rashid, 2017, p. 9) لەم دەقەدا ڕاستیێک هەیە و زۆر ڕاشکاوانە هەستی پێدەکەین، ئەویش یەکتر ناسین و نۆشکردنی شەرابە، کەسایەتییەکانیش کەسێتی نێو ئەو ڕاستییەن، بەڵام کاتێک بە دوای هونەری نووسینەکەدا دەگەڕێین، هەست بە چڕ کردن و شیکردنەوەی خەیاڵی ڕۆماننووس دەکەین لە بۆتەی ڕاستییەکاندا، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە دوو بابەتی ئەدەبی و مێژوویی لە یەکتر هاوێر بکرێن. ئەگەر نووسەر تەنیا هاتبا و بیگووتبا لەگەڵ ئیسحاق موشێ یەکترمان دیت و یەکترماننناسی و ئەو لەو یانەیەدا داوەتی کردین و تەواو، ئیتر دەبووە دەروازەی باسێکی مێژوویی و هیچ لایەک لە ئەدەبی ڕۆمان نەدەکرایەوە، بەڵام ئەگەر تەماشا بکەین، دیمەنەکە سەری کردووە بۆ خەیاڵ و هونەری ئاوێتەکردنی هەستی ئەدەبی، ئەمەش جۆرێکە لە شێواز و واڵاکردن بۆ درێژ کردنەوەی ڕووداوە مێژووییەکانی پەیوەست بە باسەکە.

هەر لەم دەسپێکە چەند دێڕیەدا ئەوەشمان پێ دەڵێ کە شاری کەسێتییەکەمان فرە ئایینە و لایەنی کەم جوو و موسوڵمان و کرستیانی تێدا دەژین و خەڵکی کراوەن و پرسی ئایینی جیاواز پرسێکی قبوڵکراوە (هەناسەیەکی پڕ لە حەسرەتی هەڵکێشا و فرێکی تری لە چایەکەیدا و هەوڵیدا یادەوەری خۆی کارا بکات و ئەم دیمەنانەش بگێڕێتەوە کە دایک و باوکی بۆیان گێڕابووەوە و لە تۆمارگەی مێشکیدا وەک ئەوەی خۆی دیتبێتی وا تۆمار بووبوو. هەوڵیدەدا زیاتر دیمەنەکان بێنێتەوە پێش چاوی خۆی)(ڕەشید، 2017، 14) (Rashid, 2017, p. 14) ڕۆماننووس لە سەرەتای چنینی ڕۆمانەکە چەند ڕاستییەکمان لەبارەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە بۆ دەخاتە ڕوو و تێمان دەگەیەنێ کە ئەم ڕووداوانە ڕوداوێکن تەواوبوون و لەمێژیشە ڕوویانداوە، چونکە کەسێتی و گێڕەرەوەی ئێمە کە دەیەوێ ڕووداوەکان بگێڕێتەوە، گێڕەرەوە پێمان دەڵێ ئەو دەیەوێ ئەو دیمەنانە بیرخۆی بێنێتەوە کە دایک و باوکی بۆیان گێڕاوەتەوە و ئەویش لەمێشکیدا جێگیربوون و بەجۆرێک تێیاندا قاڵبووەتەوە، وەک ئەوەی ڕووداوەکان بەسەر خۆی هاتبن. هەروەها لەگەڵ دەربڕینی

(هەناسەی پڕ حەسرەت) پێمان دەڵێ ئەو ڕووداوە مێژووییانەی لەم ڕۆمانەدا مەزرێنراون، ڕووداو گەلێکن کە شایەنی ئەوەن ئاه و حەسرەتیان بۆ هەڵبکێشرێ.

- تەوەری دووەم: خاڵی بەهێزی مێژوویی ڕۆمانەکە:

ڕۆمـاننووس دەیەوێ دەسـەڵاتی چینـی سـەرەوە پێشـانی خەڵکـی هەژار و بـێ دەسـەڵات بـدا کە خـودی گێڕانەوەی نـادادییێکە ئایـدۆلۆژیای چینـایەتی هەڵگرتـووە بەرامـبەر بـێ دەسـەڵاتی کەسایەتی گۆرگیس، چ وەکو کەمینەی ئاینی و چ وەکو چینی خوارەوە، (ئەوەشم لەبیرە هەر لە کاتی تازیەدا زوڵمێکی تری کەمال ئاغایان گێـڕایەوە کە ئێسـتاش لە بیـرم نـاچێتەوە. لێـدەگێڕنەوە دەڵـێن: کەمـاڵ ئاغـا بـۆ کـارێکی خـانووەکەی بە دوای گۆرگیسـی دیانـدا نـاردبووی کە وەسـتایەکی دەسـتڕەنگینی خـانوو بـوو، تـا ئـیش لە خـانووە نوێیەکەیـدا بکـات، هەواڵـی بۆ دەنێرێ کە بەیانی بێتە کاری ئاغا ئەویش بە خزمەتکارەکانی ئاغا دەڵـێ: بڕۆن بە میران بڵێن سبەی کاری دائیرەم هەیە و دەچمە هەولێر، ئەویش تووڕە دەبێت و دەڵـێ: هەر ئێستا دەچن ئەو گاورەم بۆ دێنن. ئاغاش لە جێی خانووە نوێیەکەی دەبێت، بە خزمەتکارەکانی قەبرێـک هەڵدەکەنێ و بە زیندوویی دیانی بێچارە دەخاتە ناو گۆڕەوە، هەرچەندی قوڕبەسەرەی هاوار دەکات و دەڵێ: ئاغا من کردم تۆ نەیکەی پەشیمان بوومەوە، بەڵام ئاغا دەڵێ: نەخێر تۆ ئەو پیاوەی قسەی من بشکێنی...) (ڕەشید، 2017، 23) (Rashid, 2017, p. 23) کاری خراپ و نـادادی هەرکەسێـک و هەر دیانەتێـک بیکـات زوڵمە و مـایەی نیشـاندانی شانازی نییە، مێژوو پێمان دەڵێت: لەم سنوورە چەند ئایینێک کە دیارترینیان (ئیسلام و کرستیان و ئێزیدی و جـوو) ژیـاون، جۆرێـک گونجـانیش هەبـووە لە نێوانیانـدا. لەکۆمەڵگـای کـوردی پرسـی ئـایین زۆرینـەی کـات پرسێک نەبووە بووبێتە مایەی کێشەیەکی گەورە و خەڵـک بەئاسانی یەکتریان قبوڵکردووە و کار و بازرگانیان بەیەکەوە بـووە و بـێ کێشـە گوزەرانـدوویانە، بەڵام ئەو جیـاوازییە چینـایەتییەی هەبـوو نەک تەنیـا بـۆ جـوو و کرسـتیان، بگـرە بـۆ موسـڵمانەکانیش کێشـە بـوو. کەمـال ئاغـا گۆرگیسـی لەبەر ئەوە زینـدە بەچـاڵ نەکـردووە، چونکە کرستیانە، بەڵکو لەبەر ئەوە کردوویەتی، چونکە لە قسەی ئەو لایداوە و قسەی ئەوی شکاندووە.

ڕۆماننووس زیرەکانە و هۆشیارانە گەمەی لەگەڵ دیمەنەکانی ئەو سەردەمە و کەتوارەکان کردووە، بە شێوەیەکی هونەری چووەتە نێوبناوانی دیمەنەکان و چنگی لەڕووداوەکان گیرکردووە، کوشتنی گۆرگیسی دیان نە لەبەر باوەڕی ئاینی بووە و نە لە خراپە و تاوانباری، بەڵکو چاوچنۆکی ئاغا و بۆرژوازییەت لەو سەردەم و سەردەمە جوداکاندا هەمیشە بار بوونە بەسەر خەڵکی هەژار و دەستکورتدا، گۆرگیس پیاوێکی دەست ڕەنگین و لێهاتوو بووە لە کـاری خـۆی، بەڵام دەسـتکورت بـووە لەو سیسـتەم و فەرمانـدارییەی لە نـاوچەکەدا هەبـووە، تەنانەت نەیتوانییوە بەرگری لە خۆشی بکات، ڕۆماننووس ئەم نموونەیەمان بە زیندوویی پێشکەش دەکات کە مشـتێکە لە خەروارێـک. دەکـارین لە تەواوی ڕۆمـانەکەدا بە دوای نمـوونەی هاوشـێوەی زینـدوو بگەڕێـین کە لێهاتوویی نووسەر نیشان دەدات، لە دیاری کردنی دیمەن و گێڕانەوەی ڕووداوەکان.

ئەمەیان نموونەیەکی دیکەیە: (ڕۆژێکی هەینی بوو مام مۆشێ و خێزانی و ئیسحاق و مامۆژنی ئیسحاق و هەردوو کچەکەی ئەستێرە و فەرحە کە ژمارەی هەردوو خێزانەکە ببوون بە شەش کەسی یەک خێزان. بە پەستەکەی تۆماسی دیان گەیشتنە هەولێر، لە گەراجی پەستەکان ڕاوەستا ئەم گەراجەی پێیان دەگۆت گەراجی قۆر واتە قووڵ، لە گەراج سواری کەر و عارەبانەیەک بوون و لە گەڕەکی تەعجیلی جوولەکان دابەزین...) (ڕەشید، 2017، 83) (Rashid, 2017, p. 83) ئەگەر لە دیدە مێژووییەکە تەماشای ئەم دەقە بکەین، دەتوانین بڵێین خێزانەکەی مام مۆشێ هەموویان گەیشتنە هەولێر و لە شوێنی مەبەستی خۆیان گیرسانەوە. مێژوونووس سەرەڕای ئەوەی بەلایەوە گرنگە کێ و کێ لەسەفەرەکە دان، مەبەست و هۆکار و لێژنەکەشی لە چوارچێوەی سەفەرەکە لەلا گرنگن. ڕۆماننووس پێچەوانەی مێژوونووس بە دوای هونەری وردی گێڕانەوە و کەسایەتییەکاندا دەگەڕێت، ئەمەش دەوەستێتە سەر فراوانی مێژووی ڕووداوەکان و توانای ورد و بە سەلیقەی ڕۆماننووس، بەمەش ڕۆمان پڕ دەبێت لە دیمەن و بنیاتی زیندوو، سەرنجی خوێنەر بۆ ڕووداوەکان و پتر دەچێتە ناو وێنەکان، سەرەڕای ئەمەش ڕۆماننووس لەڕێی ناوهێنانی کەسێتییەکان کە یەکیان موشە و ئەوەی دیکەیان ئیسحاق و ئەستێرە، دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێ کە ئەو خانەوادەیە ڕاستە لەسەر ئایینی جوون، بەڵام کوردن و کچەکەیان ناوناوە ئەستێرە.

- تەوەری سێیەم: کاریگەریی ڕووداوە مێژووییەکان لە نێو ڕۆمانەکەدا:

ڕۆمان دونیایەکی فراوانە، ناکرێت ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان لە ئاستێکی نزم جێبهێڵین و تا لە ئاستی فراوانتری نێوان واقیع و خەیاڵ ڕۆمان هەڵچنین، ئەوا دەگەینە ئاسۆیەکی فراوانتر بەسەر دەروازە جوداکانی نێو ڕۆمان، کە بنیاتی جۆراو جۆر لە ڕووداو و کەسێتییەکان و گێڕانەوەکان ڕەگیان داکوتی بێت.

ڕووداو بەشێکی گرنگی نێو جوڵەکانی ڕۆمانە، دەشێ ڕووداو لە نێو ڕۆماندا هەبێت و سوچێکی لە باسەکان گرتبێت، بەڵام هیچ کاریگەری دروست ناکات. کاریگەریی ڕووداو ئەوەیە ئازار و خۆشییەکانی تا کۆتایی بەردەوام بێت و جیهانی دەرەوە و ناوەوەی ڕۆمانەکە بە خۆیانەوە مژووڵ بکات ( ئەمە بوو ئەو چەند کەسە فریودراوانە کە نزیکەی بیست کەسێک دەبوون. هاتن بەسەرماڵی ئێمەیان دادا، منیش هەرگیز ئەم دیمەنە ناخۆشانەم لە یاد ناچێ. ئەم ترس و تۆقەی ئەم ڕۆژە، ئەم هات و هاوار و هێرشکردنە دڕندانەی کە کردیانە سەر مامم...) (ڕەشید، 2017، 43) (Rashid, 2017, p. 43) ڕۆمان هێزەکەی لە نێو ڕووداوەکاندا زەق دەبێتەوە، ڕۆماننووس هەموو ڕووداوێک ناگوازێتەوە بۆ ناو نووسینەکانی، چونکە زۆر جار دەبێتە هۆی لەنگی و لادان لە هونەری گێڕانەوە و هیچ شتێک بۆ ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەکە زیاد ناکا، ڕووداویش هەیە بەلاتەوە خۆشە، یان زۆر گرنگە چەند جاری تر بگەڕێیەوە سەری و چەند بارەی تر بیخوێنیتەوە، چونکە ڕاستەوخۆ کاریگەری دەخاتە سەر دەروون و خوێنەر لێی بێزار نابێ.

مردن دادگەرێکی هاوسەنگە، بەو پێوەرەی هەموو ڕۆح لەبەرێک بەم فلتەرەدا تێدەپەڕێت و تامی مردن دەچێژێت، بەڵام نائاسایی بوونی مردن ئەو کاتەیە کە لە ژێر هەژموونی زوڵم و ستەمی دەسەڵات یان

فەرمەنداری دیکتاتۆرانەدا بکوژرێ، نەک هەر گیان، بەڵکو تەنانت بیر و باوەڕی مرۆڤانە و هۆشیاریشی لەگەڵدا بخرێتە گۆڕەوە. مامۆستا یۆنان لە لایەن دەسەڵاتی کەمال ئاغای شەقلاوە کوژرا، ئەم جۆرە دەربڕینە شێوازێکی مێژووییانەی هەیە و هیچ کاریگەرییەکی هۆشەکی و دەروونی ناخاتە سەر خوێنەر، چونکە بە تەنیا گێرانەوەی مێژووە و هیچی تر، بەڵام ڕۆماننووس زۆر لێزانانە ئەم دیمەنە لە زاری برازاکەی مامۆستا یۆنان وەردەگرێتەوە و بە شێوەیەکی هونەری لە دوو توێی ڕۆماندا جێگای دەکاتەوە،(هەموو بە شەکەتی و ماندوو بوونەوە گەیشتینە خەستەخانە تا گەیشتینە ئەوێ، چەند جارێک کەسانی تر مامی ئیسحاقیان لە باوەش کرد) ئەم دەربڕینانەی پێش هەواڵی مردنەکە، ئەوەمان پیشان دەدەن کە تەبایی و خۆشەویستیی زۆر لەنێوان تاکەکاندا هەبووە، هەرچەندە بیروباوەڕ و ئاینیشییان جیاوازبێ، لەمەشدا نووسەر سەرکەوتوو بووە، چونکە توانیویەتی کاریگەری درووست بکات و تەنانەت شەن و کەوی مێژووش بکات، بەو پێیەی کە ڕۆمان دەنووسێتەوە. ڕۆماننووس خەیاڵ و درووستی ڕووداوەکانی لێکداوە و ئاوێتەیەکی ئەدەبی مێژوویی پێشکەش کردووین، زۆر جاری وا هەیە خوێنەر حەز لە مێژوو ناکات، بەڵام کاتێک ڕۆمانی لەم چەشنە شێوازە دەخوێنێتەوە، ئارەزوو دەکات جگە لە چێژە ئەدەبییەکە جۆرێک زانیاریشی دەست بکەوێت لە بارەی مێژووەکەوە، ئەمەش هەڵبەتە لە ڕێگەی خوێندنەوەی ڕۆمانەوەیە.

- تەوەری چوارەم: دەرکەوتنی ڕاستی ڕووداوە مێژووییەکان:

مێژوو وەک پێکهاتەیەکی فەرهەنگی و تۆمارێکی زانستی ڕووداوەکان گرنگییەکی زۆری هەیە و تەواوی جیهان بە خۆیەوە مژووڵ دەکات، تۆمارەکان بە جەبری و بە شێوەیەکی ڕووت دەنووسرێنەوە، واتە هیچ هەستێکی هۆشەکی دروست ناکات و دەروون بە ڕووداوەکان ناڕوشێت، ئەمەش خوێنەری تایبەت بەخۆی دەوێت و ڕاستەوخۆ ڕووداوەکان وە چنگ دەخات.

لە نێو ڕۆماندا هەست دەکەوێتە ژێر فشارێکی، بەردەوام هەڵچوونی دەروونی خوێنەر دەخاتە بۆتەی بیرکردنەوە و دوای بەدەستهێنان و لەچوارچێوەگرتنی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان. ڕۆماننووس، چونکە هێزی دەروونی بەهێزی هەیە و دەتوانێت هەماهەنگی لەگەڵ تەواوی باس و ڕووداوەکان بکات، وایان دابڕێژێتەوە، کاتێک خوێنەر دەست دەکات بە خویندنەوەی ڕۆمانەکە، ڕێک چاوی گومان و گەڕان بخاتە نێو دێڕ بە دێڕی نووسینەکان، تا لە نێو باس و ژانرێکی ئەدەبیدا بابەتێکی زانستی و ڕووداوێکی واقیعیشی دەست بکەوێت، کەواتە ڕاستە ڕۆمان جیهانێکی ئەدەبی بەرزە و تا ئێستاش هێمای شارستانییەتی گەلانی دونیایە، ڕاستە تۆمارێکی هۆشەکییە و دەروون لە خوێندنەوەیدا بە ڕووشان ئارامی وەردەگرێت، بەڵام دەتوانین بڵێین بۆ خوێنەری کارا و شرۆڤەکار سەرچاوەی بەدەست هێنانی زانیاریشە، بەو مانایەی کە ڕۆمان هەگبەی هەموو ئەو دیمەن و ڕووداوانەیە کە لە ژینگەی ڕاستەقینەدا ڕوو دەدەن (مام مۆشێ بابی ئیسحاق، هەموو جار کە لەبەر خوا دەپاڕایەوە و دەیگوت: خودایە خۆ ئێمە هێلانەی پەرەسێلکەمان تێک نەدابوو!! ئەدی بۆچی ئێمەت وەک کورد دروستکرد و بۆچی ئێمەت خستە سەر ئایینی جوولەکە!! بۆچی ئێمەت خستە ناو عێراقێکی پڕ لە

زوڵم و ستەم و چەوساندنەوە. چی دەبوو ئەگەر ئێمەشت وەک هەر خەڵقێکی تری خۆت بخستبایە وڵاتێک تێیدا ئارام بین!! ئیتر دەبووایە بڕۆن پشت لەم شارە بکەن کە بۆ ئەوان نەهامەتی و هەموو ڕۆژێک مردنێک بوو.....) (ڕەشید، 2017، 83) (Rashid, 2017, p. 82)ئەم دەقە نزا و پاڕانەوەی پیاوێکە کە بەدەستی زوڵم و ستەمی دەسەڵات و ڕۆژگار تێکەوتووە و ئازاری زۆری دیووە، پرسیارەکە ئەوەیە خوێنەر لە کوێی ئەم دەقەدا بە دوای ڕووداوە مێژووییەکەدا بگەڕێت؟ ئایا ئەم دەقە ڕووداوە؟ یان نیشاندانی تێکشکانی پیاوێکە بەدەست ئازارەکانی ژیانەوە؟ خوێنەری کارا دەتوانێت خوێندنەوە بۆ دیوە شاراوەکەی ئەم دەقە بکات و ڕووداوی بێ نیشتمانی و بێ وڵاتی بە بێدەسەڵاتی و دەستکورتی مام مۆشێی باوکی ئیسحاقی بگەڕێنێتەوە. خوێنەر لە بەردەوامی خوێندنەوەی ڕۆماندا، دەگاتە ئەوەی کە چەند ڕاستییەکی مێژوویی هەن و کاریگەرییان هەیە بەسەر دۆخ و هەستی کەسایەتییەکان، جا ئەم ڕاستییانە لە هەر ئاست و قەبارەیەکی بچووک یان فراوان دابن. ڕووداوەکان، زۆرجار بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆی شێوە ئەدەبییەکەی لە نێو ڕۆمانەکەدا دەردەکەون و خوێنەر هەستی پێدەکات، جاریش هەیە دەبێت لە نێو گەمە زمانییەکانی ڕۆماندا بدۆزرێتەوە و درکی پێبکرێت. ئەم ڕۆمانە پڕیەتی لە نموونەی هاوشێوە و زیندوو، بە شێوەی نووسراوی ڕاستەوخۆ و بە شێوەی درک پێکردن، کە بگەینە ڕاستی ڕووداوی مێژوویی. هەر بۆ نموونە لەم نموونەیەی سەرەوەدا ڕۆماننووس سەرەڕای گێڕانەوەی ڕاستییەکی مێژوویی کە دەرکردنی جووەکانە لە کوردستان، ئەوەشمان بۆ تۆمار دەکا کە جوو کورد بوون و خۆشیان بە کورد زانیوە.

- تەوەری پێنجەم: خەیاڵی نووسەر لە نێو ڕووداوە مێژووییەکانی ناو ڕۆمانی شیری مووسادا:

ئەم ڕۆمانە گێڕانەوەی ژیان و گوزەرانی جووەکانی شەقڵاوەیە لەتەک برا موسڵمان و کرستیانەکان، ئەمە لەسەردەمانێکە کە مرۆڤایەتی لە ژێر هەترەشێکی گەورەدا بوو، خەریک بوو چینایەتی تەواوی مرۆڤایەتی داگیر بکات، ئەگەر چی ئەم فۆڕمە چینایەتییە بە شێوازێک لە شێوازەکان باڵی کێشا بەسەر دونیادا، جا لەبەرگی سەرمایەداری دابێت یاخود لە ژێر دروشمی جۆراو جۆری فەرمانداری دەسەڵات دابووبێت.

ڕۆماننووس دەیەوێت ڕۆمان بنووسێتەوە، نایەوێت تخونی تۆماری مێژوویی بکەوێت، لەمەدا ئەرک لە نێوان ڕۆماننووس و مێژوونووسدا دیاری دەکرێت، بۆیە بە خەیاڵ تەواوی ڕووداوە ڕاستەقینەکان بارگاوی دەکات، بەمەش ئەرکێکی پیرۆز جێبەجێ دەکات، چونکە گەیاندنی ڕاستی بە ڕووتی و بەبێ هیچ پێشینەیەکی ویژدانی و هەستی، دەبێتە ئاسەواری ئەو شۆکەی لە گێڕانەوەی ڕاستەوخۆی ڕووداوە مێژووییەکەدا ڕوودەدات ( ئەوانەی ماوین لە نەوەی ئێمە کە بەچاوی خۆمان دیومانە دەیگێڕینەوە و بۆ نەوەکانی خۆشمانی دەنووسینەوە، با بزانن ئێمە چ ژان و ئازارێکمان بە دەست ئەم کۆچەدا چەشتووە، ئێمە بۆ ئێوە و بۆ نەوەی دوای خۆشمان دەڵێین: لە کوردستاندا ئێمە دوو جار چەوساوە بووین جارێکیان لەبەر ئەوەی جوولەکە بووین، هەم بەدەست عێراق و هەمیش

بەدەست ئێوە دەچەوساینەوە، جاری دووەمیش لەبەر ئەوەی کورد بووین بە دەردی ئێوە بە دەست داگیرکەر و نۆکەرانیان دەتلاینەوە. ئەدی ئێوەش هەمان ژانتان نییە بەدەست داگیرکەرانی یەک بە دوای یەکی کوردستان، بەڵام مخابن ئێوە هەمووتان نا......)( ڕەشید، 2017، 161) (Rashid, 2017, p.161) لەم دەقەدا هەست دەکەین بەدرێژی ڕووداوەکە خراوەتە ڕوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ توانای ڕۆماننووس، لە بنیاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا. ئەگەر نا ئەم هەواڵە لە چوارچێوەی هەوڵە مێژووییەکان لە دوو دێڕدا دەتوانین تەواو بکەین، وەک (جووەکان بە هۆی ئەوەی کە کوردی جوو بوون، لەلایەن حکومەتی عێراق و نۆکەرانیان ئازار دەدران)، ئەمە هەنگاوێکی تۆمارییە بۆ نووسینەوەی مێژوو و گەیاندنی هەواڵێک کە ڕوویداوە، بەڵام کاری ڕۆماننووس ئەوەیە تا دەکرێ ڕووداوەکان گەورە پیشان بدا و ڕۆماننووسیش لێرەدا هەر ئەوەی کردووە.

ڕۆماننووس سەلیقەیەکی جوان و خەیاڵێکی ئاشکرا لە نێو باسە مێژووییەکەدا متوربە دەکا، بەو هەوڵەی لە بازنەی مێژوونووسی خۆی دەپارێزێ و هەوڵێکی ئەدەبییمان پێشکەش دەکا، کەواتە دەقی ئەدەبی چێژی تەواو نادات، ئەگەر بە شەپۆڵەکانی خەیاڵ بارگاوی نەبووبن (ماڵمان بەرانبەر ماڵی یەکتر بوو، من پێیەکم لە دووکان بوو لەگەڵ بابم، پێیەکەی دیکەشم لە قوتابخانە بوو. ئەو ماوەی کە بووارم هەبووایە بەردەوام لەسەربان بووم، کۆتر باز بووم، سەربان بۆ من خۆشترین شوێن بوو کە تێیدا ئاسوودە بم، هەم لەسەر خۆشەویستی کۆترەکانم، هەمیش لەبەر چاوچاوانێ لەگەڵ خونچەدا، من و خونچە دڵمان چووبوو بە یەکتر و حیسابی تخوبی دینمان نەدەکرد کە پەرژین بوو لە نێوماندا.......) (ڕەشید، 2017، 96) (Rashid, 2017,p.96) )ئەگەر مێژوونووس ئەم دەقەمان بۆ تۆمار بکات لە ڕستەیەکی وەک: ئیسحاق و خونچە خۆشەویستی یەکتر بوون، بەڵام بە هۆی ئاین جیابوونەوە و نەبوونە هاوبەشی ژیانی یەکتر. ڕۆماننووس بە تۆمارێکی جیاواز و بە نەشئەیەکی ئەدەبی دەقە مێژووییەکە دەگێڕێتەوە، واتە هەم ڕووداوەکەی کردۆتە هەواڵ و هەمیش چێژێکی ئەدەبی بەخشیوە بە دەقەکە، ئەمەش هاوکارە بۆ ئەوەی خوێنەر لە خوێندنەوە و تێگەیشتنی زیاتر بەردەوام بێت.

ئەنجام:

1. لەدەسپێکی ڕۆمانەکەدا و لەڕێی چەند دەربڕینێکەوە خوێنەر لەوە تێدەگا ئەو ڕۆمانەی ئەو خەریکی خوێندنەوەیەتی باس لە مێژووی پەیڕەوکارانی ئایینە جیاوازەکان دەکا.
2. لە ڕۆمانەکەدا چینی دەرەبەگ و دەسترۆیشت و زۆردارییەکەیان لە سنووری تاکە ئایینێکدا نەوەستاوە، بەڵکو هەموو ئایینەکانی گرتووەتەوە.
3. لەڕێی ناوهێنانی تاکی ئایینەکان و لەسەر زاری کەسێتییەکان دا ئەو ڕاستییە مێژووییە دووپات دەکاتەوە کە ڕاستە لە کوردستان ئایینی جیاواز هەبوون، بەڵام بە نەتەوە هەموویان کورد بوون.

4. بەپێی ئەو ڕووداوە مێژووییانە بێ کە لە ڕۆمانەکەدا مەزرێنراون، پەیوەندی نێوان پەیڕەوکارانی ئایینە چیاوازەکانی کوردستان تارادەیەکی زۆر ئاسایی بووە و سەرەڕای بازرگانی هاوبەش و ڕاپەڕاندنی کار بەیەکەوە، هەندێکجار یەکیشیان خۆشویستووە.

**المصادر:**


- ڕەشید، سابیر: (٢٠١٧)، شیری مووسا، ڕۆمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری–هەولێر.
- بلخن، جنات: (٢٠١٣)، السرد التاريخي عند بول ريكور ، منشورات الاختلاف، طبعة الاولى، الجزائر.
- بعلول، كريمة: (٢٠١٥)، المتخيل السردي في الرواية اعشقني"لسان الشعلان"، ، رسالة ماجستير، جامعة العربي بن مهيدي.
- بن دحمان، عبدالرزاق: (٢٠١٢–٢٠١٣)، الرؤية في الرواية الجزائرية المعاصرة"روايات الظاهر و طار انموذجا"، ،رسالة دكتوراه، جامعةالحاج لخضر باتنة، كلية الاداب و اللغات،الجزائر.
- تريبش، تيلالي: (٢٠١٦)، توظيف التاريخ في رواية "عتبات المتاهة" لاحمد عبدالكريم، رسالة ماجستير، جامعة أكلي محند اولحاج البويرة.
- شويب، سناء: (٢٠١٦)، التوظيف الفني للتاريخ في رواية "فتح الاندلس" لجرجى زيدان، ، رسالة الماجستير، جامعة محمد خضير سبكرة، جزائر.
- الصافي، نجوى محمد: (٢٠١١) الفن والتزام في الرواية التاريخية بين جرجى زيدانى و علي احمد باكثير، رسالة دكتوراه، جامعة السودان.
- طبيل، محمد محمد حسن: (٢٠١٦)، تحولات الرواية التاريخية في الادب العربي، رسالة ماجستير، الجامعة الاسلامية–غزة، كلية الاداب.
- عمر، مخلوف: (٢٠١٩)، التناص التاريخي و استراتيجية بناء الحدث الروائي في رواية "ثلاثية غرناطة لرضوى عاشور"، رسالة دكتوراه، جامعة محمد بو ضياف بالمسيلة.
- بعيو، أ.نورة: (٢٠١١)، اشكال و تقنيات توظيف المادة التاريخية في الرواية العربية المعاصرة، ، جامعة تيزي وزو، مجلة خطاب، العدد 9.
- العروى، عبدالله: (٢٠٠٥)، مفهوم التاريخ، المركز الثقافي العربي،الطبعة الرابعة، مغرب.
- فتحي، ابراهيم: (١٩٨٦) معجم المصطلحات الادبية، طبع التعاضدية العمالية للطباعة و النشر، جمهورية تونس.
- مرتاض، عبدالملك: (١٩٩٨)، في النظرية الرواية بحث في تقنيات السرد، ،عالم المعرفة/240، كويت.

## References

Rashid, Sabir: (2017), Shiri Musa, Fiction, First Edition, Roshinbiri Press- Erbil.

−Balkhen, Jannat: (2013), the historical narration of Paul Ricoeur, publications of the difference, first edition, Algeria.

−Baaloul, Karima: (2015), the narrative imaginative in the novel, “Lisan al-Shaalan,” is a master's thesis, Al-Arabi Bin Mahidi University.

Bin Dahmane, Abdel Razzaq: (2012-2013), the vision in the contemporary Algerian novel "The novels of al-Zahir and Tar as a model", PhD thesis, Al-Hajakhdar University- Batna, Faculty of Literature and Languages, Algeria.

Trebish, Telali: (2016), The Employment of History in the novel "Atabat Al-Mataha" by Ahmed Abdel-Karim, MA thesis, Akli Mohand Oulhaj Bouira University.

Choueib, Sana: (2016), Technical Employment of History in the novel "Atabat Al-Andalus" by Jorji Zaidan, Master's Thesis, University of Mohamed Khoudir Sbakra, Algeria.

Al-Safi, Najwa Muhammad: (2011), Art and Commitment in the Historical Novel between Gorji Zidani and Ali Ahmed Bakathir, Ph.D., University of Sudan.

Tabil, Muhammad Muhammad Hassan: (2016), Changes in the Historical Narrative in Arab Literature, Master Thesis, Islamic University - Gaza, College of Arts.

Omar, Makhlouf: (2019), Historical Intertextuality and the Strategy of Building the Fictional Event in the novel "Thulathia Garnata Li Radwa Ashour", PhD Thesis, University of Mohamed Bou Diaf in M'sila.

−Baiyou, A. Nora: (2011), Problems and Techniques of Employing Historical Material in Contemporary Arab Novels, Tizi Ouzou University, Khattab Journal, Issue 9

−Al-Arewi, Abdellah: (2005), Concept of History, the Arab Cultural Center, fourth edition, Morocco.

−Fathi, Ibrahim: (1986) Glossary of Literary Terms, printed by Workers' Collaboration for Printing and Publishing, Republic of Tunisia.

Mortadh, Abdul-Malik: (1998), in the theory of the novel, research in narrative techniques, The World of Knowledge / 240, Kuwait.

# ترسيخ التاريخ في رواية صابر راشد شيري موسى

أ.م هاوكار جميل محمد
جامعة العلوم التطبيقية
hawker.mohammed@epu.edu.iq

أ.م. سنكر قادر شيخ محمد
جامعة بوليتكنك أربيل
sangar.haci@gmail.com

**الملخص**

توجد علاقة تاريخية وطيدة تربط الادب بالتاريخ، اذ ان اولى خطوات تدوين الادب بدأت بتسجيل تاريخ الابطال والطبقة الارستقرطية. الدراسة التي نحن بصددها جاءت بعنوان (توظيف التاريخ في رواية (شيرى موسا)لصابر رشيد) تضمن مبحثين، الاول تضمن بدوره مبحثين، جاء مبحث الاول في بيان العلاقة الرابطة بين التاريخ والرواية والوقوف عند نقاط التشابه والاختلاف بين العمل المؤرخ والروائي. أما المبحث الثاني فتحدث عن خصائص الرواية التاريخية والكيفية التي يتعامل معها الروائي.

أما المبحث الثاني والتي جاءت تحت عنوان (توظيف التاريخ في الرواية (شيرى موسا)) تظمن خمس مطالب جاءت في بيان تأريخ الرواية موضوع الدراسة و كيفية توظيفها للأحداث، والتأثيران التاريخية، الاحداث الحقيقية والخيالية، الشخصيات الروائية، مع بيان أهم النتائج والمصادر المستعان بيها في الدراسة.

الكلمات المفتاحية: رواية ، تاريخ ، تأسيس ، حدث ، واقع

# Establishing History in Sabir Rashid's Novel Shiri Musa

**Asst. Prof. Hawkar Jamil Mohammed**
**Polytechnic University**
**hawker.mohammed@epu.edu.iq**

**Asst. Prof. Sangar Qadir Sheikh Mohammed**
**Erbil Polytechnic University**
**Sangar.haci@epu.edu.iq**

**Abstract**

There is no doubt that there is a strong relationship between history and literature. The first step of literature starts with registration and recording the history of heroes, and the upper layer of society. This research is an attempt to shows the link between these two majors. This research entitled (Using the History in the Novel (Shiri Musa) by (Sabir Rashid). The first section forms the similarity and difference between novel and history. Also in the second part, the features of the historical novel displayed, and in other sections the historian and novelist deal with the subject and language of the text. The second part of this research entitled (the use of history in the novel (Shiri Musa)), in five different sections talks about historical starts of the novel, mixing reality, imagination, and history in an excellent way and the impact of history in the novel. The outcome of the research has put at the end of this research.

Keywords: novel, history, establishment, event, reality